

کارێکی بەیان مانی

# ڕوخسارە جیاوازەکانی دار..

## یەکەمین پێشانگەی هاوبەشی پەیکەرسازی

شێرکۆ ڕەسوڵ

پەیکەرسازی یەکێکە لەکۆنترین ئەو هونەرانەی کە تائەمڕۆبەشێکی گرنگی هونەری میللەتان پێکدێنێت،بەڵام تاکو ئێستا لەناو کلتوروهونەری ئێمەدا ئەرزشێکی ئەو تۆی نیەو کەمتر جێگەی سەرنج وبینینی کەسی ئەم ولاتەبوە ،ڕەنگە دیارترین هۆکاریش بۆ تێڕوانینی نەرێتیانەی ئێمە بگەڕێتەوە بۆئەم هونەرە ،هەرچەندە جارو بارو هەوڵی هەندێ هونەرمەند جێگەی هەڵوێستەیەو چەند ئەزمونێکی ڕابردوی هەندێ هونەرمەندیش مایەی لەسەروەستانە ..

لەچوارچێوەی هەوڵەکانی کردنەوەی پێشانگەی پەیکەرسازی ڕۆژانی 6/28بۆ7/1 لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان یەکەمین پێشانگەی پەیکەرسازی کردەوە ،لەم پێشانگەیەدا کە "26هونەرمەندی پەیکەرساز" بەشداری کردبوو،پێشانگەکەشیان لە ژێرناوی" لە ڕۆحی سمە بولبولەوە" کەوەك وەفایەك بۆ سمە بولبولی پەیکەرتاش کە ڕۆژگارێکی زوو یەکێك بوە لە پەیکەرسازە دەست ڕەنگینەکانی سلێمانی ،بەدەر لە پەیام و کاری پێشانگەکە ئەوەی لەم هەوڵەی پەیکەرسازاندا دەبینرا هەمەچەشنی بوو لە ستایل و فۆڕمی کارکردن ،ئەو 26پەیکەرسازە هەریەکەیان بە شێوازێك ،هەریەکەیان بە ماتریاڵ و فۆڕمێك گوزارشتیان کردبوو.

بەرهەمەکانی ئەم هونەرمەندانە هەمەلایەن و هەمە ستایل بوو،بەبڕوای من ئەمە دیارترین خاڵی سەرنجی پێشانگەکەبوو ،جگەلەوەی زۆرێك لە بەرهەمەکان ئیشکردن بوو لەنێو کەرەستەکانی سروشتدا ،بەتایبەتی دار،دیارە دار بە هەموو پێکهاتەو مێژووی خۆیەوە لای

ئێمە تایبەتمەندییەکی هەیە ،بەڵام لای هەریەك لـە شـوان ڕەبـاتی و حەمـە فـەرەج هەڵەبجـەیی وڕێوارخالیـد دارمێژویـەکی جیاوازترهەیە،ئـەو دارەی سروشـت کـەلای شـوان ڕەبـاتی دەبێتـە ڕوخـــساری مـــرۆڤ وهەرروویـــەکی ئـــەو دارە ڕوخـــسارێکی پـــڕ لەگوزارشـــتی مرۆڤێـــك دەبەخشێت کەدەکرێت ماناو دەلالەتەکانی لای هونەرمەندبێت وپێدەچێت هـەردارێکیش کـەلای هونەرمەند دەبێتە مادەی کارکردن جارێکی ترو بـــە شـــێوازێکی تـــر یـــادەوەری ولایەنـــە نەستیەکانمان پێنیشان بداتـەوە ،بەڵام هەرئەو دارە لای ڕێبوارخالیدو حەمە فەرەج هەڵەبجەیی شێوازێکی ترەو جارێکی تر ڕوخساری ئاژەڵێك لەو دارەدا دەدۆزنەوە ،ئەم فرەیە لـەبینین وامان لێدەکان کە بڵێین ڕەنگە دار هـەڵگری چیرۆکێکی ئەفسانەیی بێت !!

چـونکە لای هەرهونەرمەنـدێك ڕوخـسارێکی جیاوازی هەیە ،ئەم جیاوازیە لای بڵێسەمستەفا و بـەختیار بـەمۆ بـە شـێوازو ڕوخـسارێکی زۆرجیاوازترەوە دەردەکەون...

ئەمـە جگـە لـەدوو کـاری هونەرمەنـدی لاو "کامەران مەحمود "یش مایەی لەسەروەستانە کـە لـە پێشانگەکەدا یـەکێك بـوو لـەو کارانـەی جێگەی سەرنجی بینـەربوو ،دیارە ئەم کارانـەی کامـەران وەك زۆرێـك لەئیشەکانی تـری بـەدوای شێوازێك لەگوزارشتدا دەگـەڕێت کـەلای ئێمـەی بینـەر تاڕادەیـەك نادیـارو قـورس بێت،بـەڵام لـەکاری هونـەریی ئـەودا سـاناو جێـی مەبەسـتە ،ئەو گوزارشتەش لە پەیکـەرەکانی "کامـەران"دا زیاتر بـە هـۆی گوزارشـتی جەسـتەی مرۆڤەوەیـە ،دیارە مرۆڤ دیارترین هۆکارە بۆگوزارشتکاری لای هونەرمەند،ئەو دوکارەشی لەم پێشانگەیەدا گەرسەرنجی ورد بدەیت دەبینین زۆر وردەکاری پێوەدیـارە بەتایبـەتی لـە ڕوخـساری دەرەوەی فیگەری تابلۆ پەیکەریەکەدا ...



**کارێکی: کامەران مەحمود**